# نیگەرانییەکانی شێخ لە دەست کۆلکەنوسەران؟!!!

## عومەر کەریم بەرزنجی

لە ژمارە( 187 )ی هەفتەنامەی "میدیا"دا و لە لاپەڕەشەشدا بۆچوونەکانی شێخ ئاریان مان بەرچاودەکەوێت لە بارەی فڕینی فاتیمەی خەڵکی گوندی گاینج, برای رۆژنامەڤان کاك محمد گوران, شێخی لەوبارەیەوە دوواندووە, بەخوێندنەوەی بۆچوونەکانی شێخ چەند سەرنج و تێبینییەکم لادروست بوو بە پێویستی دەزانم لە رێگای هەمان هەفتەنامەوە بیخەمە بەردیدی خوێنەران و جەنابی مامۆستا شێخ ئاریان, هیوادارم بتوانم بە پێی پێویست مەبەستەکەم بگەیەنم, هیواداریشم شێخ بەلوتفی خۆی لە کەم و کوڕییەکانم ببوورێت, مەترسی لەوەدا نابینم مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە ئەوکەسە بییەوێت کەسانی دیکەیش وەکو ئەو بیربکەنەوە, جەنابی شێخ بەو نووسەرانەی کە وەکو ئەو بیرناکەنەوە و بیرووڕایەکی جیاوازیان هەیە دەڵێت:- (ئەو کۆلکە نووسەرانەی ئەو قسانە دەکەن هەر بەلای گوندی گاینجیشدا نەچوونەو هەر لە خۆیانەوە داویانەتە بەرێ.... نووسەری راستەقینە بەبێ ئەوەی نەچێتە بنج و بنەوانی مەسەلەکان و لیکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر نەکا لەخۆیەوە شت نالێ و هەست بەلێپرسراوی دەکا بەرامبەر ئەو ئەرکەی کە کەوتۆتە سەرشانی , بۆیە داوایان لێدەکەم کەهەر دیاردیەکی دیکە رویدا تاخۆیان نەچن و شتەکە نەبینن با هەر لەخۆیانەوە شت نەنووسن ). ئەگەر چی پێشتر لەو بارەیەوە هیچ شتێکم نەوتووە وەلێ ئەم بۆچوونانەی شێخ ناچاری کردم بێمە دەنگ, بێگومان دەبوو ئەو کەسانەی لەو بارەیەوە شتیان نووسیوە بێئاگایانە شتیان نەنووسیبایە"ئەگەر شتیواهەیە" ناکرێت لەبارەی شتێکەوە شارەزایت نەبێ و قسەی لەسەر بکەیت, لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو نووسینانەم نەبینیوە وەلێ ناکرێت بڕیاربدەم لەوەی کە بەبێئاگایانە نووسراون لەو بارەیەوە دەکرێت ئەو نووسەرانەی کە شێخ بە کۆلکە نووسەر ناوی بردوون, لەوبارەیەوە وەڵامی خۆیان هەبێت.

شێخ داوا لە نووسەران دەکات لە رووداني هەر دیاردەیەکدا بەدواداچوونی وردیان هەبێت و لیکۆڵینەوەی لەسەر بکەن پاشان لەسەری بدوێن, وەلێ هەرخۆی بێئەوەی هیچ بەدواداچوونێکی هەبێت لەو بارەیەوە زۆر بەرەهایی و لە سەدا سەد بەڕاستی دەزانێت,( من ئەو کچەم نەبینیوەو دڵنیاشم کە کچەکە خۆیشی هیچ لە مەسەلەکە نازانێ) لێرەدا دەکرێت بپرسین بۆچی کچەکە ئامادە نییە لەوبارەیەوە بۆ کەس بدوێت"بە پێی زانیارییەکانی دیدی نوێ" بۆچی رووداو گەلێك کەبەسەر خودی کچەکەدا هاتووە دەبێت هیچی لەبارەوە نەزانێت, ئایا دەکرێت عەقڵ بڕیار لەسەر ڕاستی بوونی هەموو نەبینراوێك بدات لەبەرئەوەی خودا نابینرێت و بوونیشی هەیە, سەرەڕای ئەوەی کە ناکرێت خۆمان لە بوونی خالقێك واتا خودا کە جێدەستی لە خولقاندنی ئەم دنیا بەرفراوانەدا دیارەو ناشێت ئەم دنیایە بەوگەورەیی و ئاڵۆزییەی خۆیەوە بەبێ دروستکەرێك هاتبێتە بوون, لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرکەس لە دنیادا باوەڕیان بەبوونی خودا نییە "برادەرێکم کاتێك باسمان لە بوونو نەبوونی خودا دەکرت قسەیەکی جوانی کرد دەیگوت:-ئێمە باوەڕمان بەبوون یان نەبوونی خودایش هەبێت یاننا چی لە گەورەیی خودا کەم دەکاتەوە" وەلێ ئەوەی مایەی سەرسوڕمانی منە ئەوەیە بۆچی ناچارمان دەکات مادام عەقڵ دەیسەلمێنێت خوداهەیە کە نابینرێت دەبێ باوەڕیشمان بەو رووداوی فڕینە هەبێت, ئایا شێخ بەوردی لیکۆڵینەوەی لەبارەی جۆری ژیانی کچەو باری دەروونی و توانای بیرکردنەوەو ئاستی ئیمان و گەلێك شتی ترەوە کردووە کە پەیوەندی بەو کچەوە هەبێت, ئایا بۆچی ئەو کچە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی بفڕێت, بۆچی کردەی فڕینی بۆ دانرا لە کاتێکدا هیچ کەسێك شایەتی بینینی وەها کارێك نەبووە چی حیکمەتێك لەو کارەدا دەبینرێت, ئەگەر پێمان وابێت وەها رواداوێك خەڵك دەگێڕێتەوە بۆلای دینداری و خوا پەرستی و کۆمەڵگا لە فەساد و خراپە کاری پاك دەکاتەوە ئەوە خۆمان دەخەڵەتێنین , ئایا زیندوو کردنەوەی مردوو لەلایەن حەزرەتی عیساوە بەبەرچاوی خەڵکانی دیکەوە گرنگە یان فڕینێکی نەبینراو, ئاینەکان باسی زۆر روداوی سەرسوڕهێنەرمان بۆ دەکەن وەلێ هەرلە کاتی رووداونیشیاندا زۆرکەس هەبوون گاڵتەیان پێی دەهات و ئیمانیان پێی نەدەهێناو لەسەر باوەڕی کۆنی خۆیان دەمانەوە.

جەنابی شێخ دەکرێت پێمان بڵێت, بۆچی پێغەمبەران نەیانتوانیوە بفڕن؟ لەکاتێکدا لە لوتکەی ئیمانداریدا بوون و خۆشەویستی خودابوون خۆ ناکرێت وەك چۆن گومانی ئەوە دەکات کە تاعەتی مامۆستا سەید ئەحمەد قبوڵ بوبێت, گومانی ئەوەیش بکات خودا پەرستی پەیامبەرانیش کەم و کوڕی تێدا بوبێت, لێرەدا پێویستە بپرسین لە کاتێکدا باوەڕمان وابێت ئەو شتەی روی داوە بەرەهایی راستەو هیچ مەجالێك بۆ گومان و دوودڵی نەهێڵینەوە ئیدی چی پێویست بەلێکۆڵینەوە دەکات لەو بارەیەوە, پێویستە جەنابی شێخ ئێمە دڵنیا بکاتەوە بەچی پێوەرێك دەکرێت باوەڕبەڕاست و دروستی ئەو رووداوە بهێنین, ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونانە کامانەن کە جەنابی ئەنجامی داوە لەو بارەیەوە بەبێ ئەوەی کچەشی بینیبێت,دەکرێن لە جەنابی شێخ بپرسین دەبێت پیرۆزی ئەو ئاوە لەچیدابێت کە خەڵك سەرەی بۆ بگرن, بەوپێیە بێت دەبوایە تەواوی موسڵمانان سەرەیان بۆ قومێك ئاویماڵی پێغەمبەر بگرتایە کە وانەبووە, هەر لەو دەڤەرەدا کەسێکی دیکە نەخۆشی ئایدز و شەکرەو گەلێك نەخۆشی ترسناکی دیکە بەهەندێك خواردەمەنی سرووشتی چارەسەر دەکات لەکاتێکدا لە وڵاتانی خۆرئاوای پێشکەوتوو لانکەی زانست و تەکنەلۆجیادا, بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی دەوایەکدان بۆ چارەسەرکردنی ئایدز تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر, وەلێ لەم دەڤەرەی لەمەڕ خۆمان چارەسەری هەیەو وڵاتانی خۆرئاوا لە گوێی گادا خەوتوون و نەگەیشتوونەتە ئاستی پێشکەوتنی ئێمە, خۆرئاواییەکان دەرکیان بەوە نەکردووە لەسەردەستی ئێمە زانستی مرۆڤایەتی چەندە گەشەی کردووەو پێشکەوتووە, لێرە بەشیری سابرێنێکی ئەفسووناوی چارەسەری گەلێك نەخۆشی دەکرا کە لەسەرتاسەری دنیادا چارەسەری نەدۆزراوەتەوە, ئیدی ئەمە دنیای بێئاگایی ئەوروپاو وڵاتانی خۆرئاوایە ئەوان لەبەر دواکەوتوویی خۆیان ناتوانن پەی بەزۆر رێگای چارەسەری نوێ بەرن, ئەو رێگایانەی لە سەردەستی ئێمەی داهێنەری رۆژهەڵاتی دۆزراوەتەوە, ئەوانی نوقوم بووی حەزوو ئارەزوو بازی جگە لە تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانیان فریای هیچ شتێك ناکەون وەلێ ئێمەی موریدی رێگەی حەق و دادپەروەری گیای نەمریمان

**بەدەست هێناوەو وەك عەباسی کوڕی فرناسیش دەتوانین بفڕین بەبێئەوەی پێویستمان بەفرۆکەی کوفارو دوژمنانی دین هەبێت, ئێمە لە ئاسمانەوە دەڕوانینە دنیای سەر زەوی و بەزەیمان بەبێدەسەلاتی و هەژاری و کەمتوانایی و نەزانینی رۆژئاوای دواکەوتوودا دێتەوە, ئیدی ئەمە دنیایە گوڵم دەکرێت هەریەکێك لە ئێمە دنیابینی خۆی هەبێت دەکرێت هەریەکێکمان دنیایەك خەونی جوان لە ناخیدا هەبێت وەلێ ئەوەی دەمانترسێنێت ئەو شمشێر وەشێنانەن لە خەونێکی قوڵ بەئاگا دێنەوەو لەژێر سێبەری ئایندا ئایندەمان سەردەبڕن لەژێر پاساوی بنەبڕکردنی فەساددا شتی عەنتیکەمان بۆ دێننە ماڵەکانمانەوە ئیدی ئەمە دنیایە گوڵم دنیای گلۆباڵ دنیای بەگوند بوونی شار ئیدی گوڵم چیتر پێویستمان بە داهێنانەکانی ئێوەنییە فرۆکەکانی ئێوە مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت منارەو قەلا و تەلارە بازرگانیەکانمان بروخێنن, وەلێ خۆمان توانای فرینمان هەس خۆمان دەتوانین چارەسەری هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی بکەین ئەگەر ئێوەی ناحەزو دوژمن لێمان گەڕێن؟!.**